زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# گێڕانەوەی یارییە میللییە کوردییەکان
# لە تابلۆی هونەری کوردیدا

لە لایەن
**خەندە ئەبوبەکر عەبدوڵلا**

سەرپەرشتیار
**م.ی سۆران ئیسماعیل**

هەولێر - کوردستان
٢٠٢١-٢٠٢٢

**پێشکەشە بە**

ئەم تـــوێژینەوەیە پێشـــکەش دەکەم بە هاوســـەری ئـــازیزم و دایکـــی خۆشەویســـتم، سەرپەرشتیارم (م.ی سۆران ئیسماعیل) بۆ هەوڵ و ماندووبوونی لەگەڵم.

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستای بەڕێز، سەرپەرشتیاری پڕۆژەم م.ی سۆران ئیسماعیل کە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری کێشا لەگەڵم، هەروەها سوپاسی هاوسەرم دەکەم کە هەردەم یارمەتی دەرم بووە و سوپاس و پێزانینم بۆ دایکی و باوکم کە هەمیشە پاڵپشتم بوون لە هەموو باروودۆخێک. هەروەها سوپاسی مامۆستا رەوەند دەکەم کە هاوکارییەکی زۆری کردم تا بتوانم پڕۆژەکەم بە جوانی پێشکەش بکەم.

**پێڕست**

**وەرزی یەکەم**

**چوارچێوەی گشتی توێژینەوە :...........................................................................................٤**

کێشە: ......................................................................................................................٥

ئامانجەکانی توێژینەوە: ......................................................................................٥

گرنگی **توێژینەوە:** ..................................................................................٥

سنوری توێژینەوە: ...........................................................................................٥

پێناسەی زارەوەکان: .........................................................................................٦

**وەرزی دووەم**

چوارچێوەی تیۆری.............................................................................................٩

**تەوەری یەکەم :**

**ماناو تێگەیشتن لە هونەری میللی**

**تەوەری دووەم:**

هونەری میللی لە کوردستاندا..............................................................................١٣

**تەوەرەی سێیەم:**

یارییە میللیە کوردیەکان و جۆرەکانی.....................................................................٢٠

## وەرزی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

**کێشە :**

یاریە میلیەکان یەکێکە لە نەریتە باوەکانی هەر کۆمەڵگایەک کە کلتوری نەتەوەکەی پێدەناسێنێت. میللەتی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی ئەم دونیایە دەوڵەمەندە بەم جۆرە یاریانە، و لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە پارێزی لەم کلتورە کردووە.

هەمەچەشنی لە یاریە میللیەکان بووەتە هەوێنی هێنانەکایەی بابەت و شێوازی جۆراو جۆر لە هونەری وێنەکێشان لای هونەرمەندانی کورد . لە سۆنگەی ئارەزووم بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەم ، وە دەستپێکی گەڕانم بە نێو ئەو دیمەن و وێنانەی چ وەک وێنەکێشانی تابلۆی هونەرمەندان، یاخود ئەو باس و خواستانەی کە بە شێوەی دیرۆک و چیرۆک گێرانەوەیان لە نووسراوەکاندا بۆ کراوە، کاتیک بینیومە یاخود خوێندومەتەوە . بۆم بووەتە پالنەرێک و هاندانێک لە گرنگی و بایەخی زیاتر پێدان بەو نێوەندە پەیوەندیەی کەوا هەست دەکەم دووری و بۆشاییەک لەم کەلێنەدا هەیە ، بەو ئاراستەی تێیدەڕوانم چەند پرسیارێک لام گەڵالەدەبێت کە بریتین لە : ئەو دیمەنانەی کێشراون بۆ یاریە میللیەکان تا چەند ڕەچاوی لایەنی ڕەگەز و پێکهاتەی وێنەکێشان کراوە ؟

ئایا جۆری یارییەکان بەو خواستە گوازراوەتەوە سەر بابەتی وێنەکێشان کەوا مۆرک و کلتورەکە نیشانبدات؟

تا چەند پەیوەندی هەیە لە تێگەیشتنی نێوان پەیامی بابەتی تابلۆکان و لایەنی تیۆری بەرباسەکە ؟

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١ -ناساندنی یاریە میللیەکان لە تابلۆی هونەرمەندانی کوردا.

٢ -جیاکردنەوەی جۆری یاریە میللیەکان، و ڕەنگکدانەوەی بەسەر کۆمەڵگای کوردی دا.

٣ -دەستەبەرکردن و دۆزینەوەی مەرامی ڕاستەقینەی پشت یاریە میللیەکان.

**گرنگی بابەت** :

گرینگی ئەم توێژینەوە چەند خاڵێک لە خۆ دەگرێت وەکو :

١ .بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی هونەری شێوەکاری کوردی لەم جۆرە توێژینەوانە.

٢ .خستنە ڕووی جوانی و چێژی هونەری میللی لە فۆرم و ناوەڕۆکی بابەتی فۆلکلۆری کوردی .

٣ -پارێزگاریکردن و زیندوکردنەوەی یارییە میللیەکان لە نێو کۆمەلگەی کوردی.

**سنوری توێژینەوە:**

١ _سنوری بابەتی :- ڕەنگدانەوەی یاریە میلیەکان لە هونەری وێنەکێشاندا.

٢_سنوری کاتی : له ساڵی ٢٠٠٠ تاکو ٢٠٢١

٣ _سنوری شوێن : (هەولێر – سلێمانی – دهۆک )

**پێناسەی زارەوەکان:**

**یاری** :

یەک لەپێناسەکانی بنچینەی زاراوەی یاری بۆ ڕای فەیلەسوف زانای جواننناس ( کانت ) دەگەڕێتەوە، کە یاری بە دەربازبوون لە چوارچێوەکانی ( وڵاتی یاساکانی بابەتی ) و پێویستی هەڵاتن لە دەست واقیع و دروستکردنی پەنایەک لە ناو جیهانی حەقیقی دا دادەنێت، تامەزرۆبوون بۆ یاری وەک یاری وهیچی تر شتێکی دووره له ژیانی مرۆڤی سەرەتاییەوە .

و هەروەها یاری لای شاعیری ئەڵمانی ( فریدریک شیلەر ) واتە هونەرو هونەریش واتە یاری .و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە جەوهەری هونەر یاریە و هونەرمەند بە تەنگ حەقیقەتەکانی ماتریالیەوە نایەت بەڵکو بە دوای ڕواڵەتدا دەگەڕێتەوە. بەرزترین هونەر لای ( شیلەر ) ئەوەیە کە یاری تێدا بگاتە ئاستێک لە ناخەوە بمان هەژێنێ. چونکە یاری ئازاد وەک پاڵنەری سەرەکی داهێنان سەیر دەکات.

لە لایەکی دیکەدا ( سپێنسەر ) زانای ئینگلیزی چەمکی یاری وەک پێناسەیەکی تیۆری پەرەپێداو بەستیەوە بە تیۆری پەرەسەندن . ( میراودەلی کەمال. فەلسەفەی جوانی و هونەر ، ٢٠٠٥ ، ل١٤٩ )

**میللی :**

لە لاتینی سیفەتێکی ئاماژەداریە بۆ لایەنگرایەتی و پەیوەستبوونی خەڵک بەیەکترەوە،و سیفەتی هەموو ئەو خەسڵەتە تایبەتانەیە کە پێی دەوترێت ( گەل ) ، ومەبەست لێرە ئەوە نیە کە ووشەی ئینگلیزی (Popular) بگرێتەوە ،بەڵکو دەقاودەق نزیکە لەمانای ووشەی (Folksy).هابرلاندت بەوە پێناسەی کردووە کە بریتیە لە : جەوهەری قەتیسماوەی هەر تاکێک لە تاکەکانی گەل(https://ar.wikipedia.org ).

**یارییە میللیەکان:**

یارییە میللیەکان ناسنامەو کلتوری میللەتانە، خۆڕسکانە لە نێو گۆمەڵگا بە سانایی لە هەر کات و شوێنیکا بڵاو دەبێتەوە و بێ ئەوەی پێویستی بە ئامرازەکانی پێشکەوتن بێت. بەڵکو ، لە هەناوی ژینگەو دەورووبەری هەڵدەقولێت،و دواتر بەسەر کۆمەڵگاوە ڕەنگکدانەوەی دەبێت. ، کەوا منداڵان و کچ و کوران پەیرەوی دەکەن لەسەر شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان و گوندو دێهاتەکان .( ابراهیم ، ٢٠٠٤ ، ٣٨ )

ئەم یارییانە یاساو ڕێسای خۆیان هەیە، هەندێکیان لە شەوە دەکرێت، بە تایبەت لە ڕمەزان و شەوانەی ساڵنامەی مانگی، و زۆربەیان لە ڕۆژدان ، وهەندێکیان مەرجی شوێنیان بەسەرەوە دەبێت، و هەروەها هەندێک لە یارییەکان جیاوازیان دەبێت بە گوێرەی بۆنەکان و وەرزەکان ، و لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە و لە ناوچەک بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە دێیەکان بۆ شارەکان جیاوازتر دەبێت .و هەندێ لە یاریانە بە قسەکردن و گۆرانی لەگەڵ بەڕێوەدەچێت.

یارییە میللیەکان بریتیە لە چالاکی جەستەیی و جوڵەیی، و زەینیە لە ژینگەوە دێتە کایەوە و ڕەگ و ڕیشەی کلتوری هەیە کە لە ناخی کەسەکانەوەیە .بە بێ هیچ جەخت لەسەرکردنێک،کەوا چێژ دەبەخشێتە جێبەجێکارەکەو خۆشی دەدات بە بینەرەکان. و یاسای ئاڵۆزی نیە ( الخوالده ، ٢٠٠٣، ٢٠).

## وەرزی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری

**مانا و تێگەیشتن لە هونەری میللی :**

هونەری میللی لایەنێکی گرنگی کلتووری مرۆیی گەلانە، چونکە بەشێکی دانەبڕاوە و بەستراوە به مێژووی شارستانییەتی، و هەروەها توخمێکی بنەرەتیە لە پێکهاتەی بونیادی ڕۆشنبیری میللەتان . هونەرە میللیەکان بەشێکن لەو کەلەپوورە و کۆمەڵە هونەرێکن ، کە هەمان مەبەست و تێگەیشتنیان هەیە ، بەڵام بەگوێرەی بوارەکانیان جیاوازن و چەندین ڕێگەی دەربرین و جێبەجێکردنیان هەیە. " هونەری میللی هونەرێکی خۆرسکە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی گێڕانەوەی چاولێکەری نەریتەکان نەوا دوای نەوا دەگوازرێتەوە ، کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە کۆنەکان و هوکارەکەشی بە هۆی ئارەزومەندانەی کاردانەوەکانی خەڵکە بۆ خۆشەویستی ئەو بوارە" ( هانی ابراهیم جابر . هونەری میللی لە نێوان واقیع و داهاتوو ،١٩٩٢).

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو حەزو خولیایەی کە لە ناخ و دەروونی ئەو کەسانەوەن کە لە ژینگەییەکی پێکەوەیی نزیک بە هەمان کلتور و داب و نەریتی ژیانی ڕۆژانە کۆیان دەکاتەوە ، بەو دیدگا جوانییەی کە سەرچاوەکەی هونەرە ڕێچکەی گرتووەتەوە بەرەو بناغەی ناساندنی هونەری میللیی . " بە های جوانی هونەری میللی بەرهەمێکی سروشتی نەریتییە و هەروەها بەرهەمی شیکردنەوەی داهێنانی ئەوانی دیکەیە ، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە لایەن کۆمەڵگەوە پراکتیزە دەکرێت، بەدەرە لەو نێوەندکارییە تاکەکەسیەی

کەدروستکەری و جێ بە جێکاری بێت "( هانی ابراهیم جابر هونەری میللی لە نێوان واقیع و داهاتوو ،١٩٩٢).

وا دەردەکەوێت هونەری میللی پێدراوی هەموو کەسێک بێت و لە لایەن هەموو خەڵکەوە پراکتیزە دەکرێت، و هیچ جیاوازیەک نیە بۆ زەمینە کارلەسەرکردنی جا ئەو زەمینیە هەر ئامرازێکی ماتریاڵ بێت ،نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوانەی بەهەرەدارن کارەکانیان دەگات بە ئاستی جیاواز و داهێنان، نابێتە جیاوازیەک بۆ لێک جیاکردنەوەی هونەری جێ بەجێکردن وەک پیشە و هونەری داهێنان ، بەڵکو لای ئەو هونەر و پیشە وەک یەکن و تەنها دەربرینەکان ئامانجییەتی : " کەواتە چێژی هونەری میللی تەنها میللییە، و زانستی نەبووە، کەواتە خەلک دەتوانن چێژ لەو شتانە دەکەن کە دەتوانن و داهێنانی لێ بکەن "( عفیف بەهنەسی .هونەری نوێ لە وڵاتی ئیسلامی ، ١٩٨٠) . بەم مەبەستە بێت دەگەین بەوەی کە داهێنانی هونەری بەرهەمی ئەو کارلێکردنە زەمەنییە بەدواییەکەوەیە. و ئەم داهێنانانەش لە ئەنجامی کارلێکردنێکی ئاسایی نێوان هەستی داهێنەرو خەیاڵەکانی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوەش لە نێوان هۆکارو و کاریگەرییەکانی ئەو کارلێکردنانەن کە پێکهاتەی وروژاندنی بیرکردنەوە بە جۆشەکانن .

کەلەپوری میللی کۆکراوەیەکی میراتگری نەریتە کۆمەڵایەتیە کلتوریەکان و ئەدەبیی و هونەریی و ئەفسانەیی و پیشەییە. کە لە کۆنەوە لە میراتی خەڵکانێک یان نەتەوەکان ماوەتەوە و بووەتە میراتی میللی و هونەری " زانستێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان کەوا پیشەیەکی کۆمەڵایەتی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، و کاریگەرییەکی ڕوونی هەیە بەسەر پێکهاتەو بزاڤی کۆمەڵگا ، وەک هەمیشە کاتێک تایبەتمەندیەکانی کەلەپووری میللی بارودۆخی کایەکانی ژیانی بگۆردرێت ، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی داب و نەریتی نوێ کە

ئەمەش هێنانەکایەی پیشەیەکی نوێی لێ دەکەوێتەوە" . ( باسم عبدولحميد حمودی. نەریت و خوی میللی عێراقی ، ١٩٨٦)

دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی هەندێک لە خەسڵەتەکان بە هۆی ئەو گۆرانکاری و کاریگەرییە دەرەکیانەیە،کە لە ئەنجامدا ئەو خەسڵەتە ڕەسەنانە لە دەستدەدات. بە هۆی ئەو گۆڕانکاری و کاریگەرییە پێچەوانانەی ڕووبەڕوی بزاڤەکە دەبێتەوە . یان نمایشکردن و پیشاندانی نەریتی باشترو گونجاوتر لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمی تەکنەلۆژیا هاتووەتەوە ئاراوە، هەر بە هۆی ئەو ئامرازە نوێیانەی پەیوەندییەکان ، ئاسانکاری بۆ لێکتر نزیکبوونەوەی دوورییەکانی نێوان میللەتان و هونەرەکەیان و ڕۆشنبیریان تێکەڵ بەیەکتر بێت و دابە نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بگەن بە یەکتر. " هونەری میللی وەک هونەرێکی گشتییە نەک هونەرێکی تاکەکەسی و وەڵامیکە بۆ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵگاییەی تێیدا دەژی، و ئەو بابەتانە ڕایەڵە دەکات کە لە لایەن خەڵکەوە ناسراوەو لە باوو باپیرانەوە ماوەتەوە کەوا بۆشایی و کەلێنی نەگرتووە، بەڵکو بەرهەمی کارلێکردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایە " نزار محمود عيمان .مرجعيات الشكل الخزفي المعاصر في كوردستان العراق، رساله ماجستير، ٢٠١٠).

بێگومان ئەو ماوە درێژەی هونەر تیایدا تێپەڕیووە و هەموو بەرهەمە دروستکراوە کۆنەکان ئەوە ناگەیەنێت کە به هونەرێکی کۆنی بەمیللی ناوبنرێت. " جگە لە نیشاندانی خاسیەتێک لە خاسییەتەکانی هونەری میللی نەبێت، کە بۆ بەکارهێنانی تایبەت بۆ ناو ماڵ دروست کرابێت ،و لەبەرهەمهێنانی بازرگانی جیابکرێتەوە. و لە تێگەیشتن لە مانا شێوەو

فۆرمەکانیبگەین لەڕێگەی کلتورەوە. واتە بایەخێکی تێگەیشتنی  هەماهەنگی بە کلتورەکەوە هەبێت" ( محمد الجوهری .خوێندنەوەیەک لە کلتوری میللی ١٩٩٧).

ئەگەر بە ئاقاری وێنەکێشان ڕێبچکەبکەین لە هونەری میللی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە " وێنەکێشانی هونەری ناچێتە ژێر ڕکێفی پێوانە و ڕەهەندی هونەری، بەڵکو خۆ ڕسکانە بەرەو هونەرمەند ئاراستە دەگرێت. بۆیە لە لایەن هەموو تاکێکی کۆمەڵگای میللیەوە خۆشەویست دێتە بەرچاو، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی لایەنی سۆز و ناخیانە. و بابەتەکان بریتین لە بەهای کۆمەڵایەتی لەوانەش: ڕەوشت چاکی، ڕیزداری و ڕێزی میوانان و نەبەردی وەک سوارچاکی. کەوا وێنەکێشانی میللی هەوڵدەدات لە ڕێگەی هونەرەکەی لە چاوکردنەوەی خەڵک بکاتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی لە وێنەکێشاندا". (توانا یحیی مرجان . ئاماژە گوزارشتییەکانی هێما لە نیگارەکانی هونەرمەندانی کوردستانی عێراق ٢٠٠٨).

بەم شێوە دەبیین کە هونەری شێوەکاری میللی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی هونەرە جوانەکان، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی کلتوورو کەلەپوور و هونەری میللی زەمینەییەکی فراوان و لەبارە بۆ دەرخستنی شێوە و ناوەڕۆکی وێنەکێشان." هونەری گەلانی هاوچەرخ بە هیچ شێوەیەک  جێگەی هونەر میللیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هاوتەریبە لەگەڵیانداو پێوەی لێکنراو نین ،دەبێت ئەوە ڕوونو دیار بێت کە بیرۆکەی هونەری میللی وەک دەربرینی چێژی جوانکاری لە کۆمەڵگادا ناتوانرێت لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان جیابکرێتەوە، چونکە تەنیا لە ڕێگەی دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانییەوە دەتوانرێ بیدۆزرێتەوە، لەگەڵ ئەو دەرکەوتانەیە کە لەڕێگەی هونەرە میللیەکانەوەیە" (توانا یحیی مرجان . ئاماژە گوزارشتییەکانی هێما لە نیگارەکانی هونەرمەندانی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨).

تەوەری دووەم :

## هونەری میللی لە کوردستاندا

کلتور و کەلەپووری میللی لایەنێکی گرنگی مرۆیی گەلانە، چونکە بەشێکی دانەبڕاوە لە شارستانیەتی ئەوان و توخمێکی بنەڕەتییە لە پێکهاتەی بونیادی ڕۆشنبیری و ئایندەدا، چونکە مێژووی هەر نەتەوەیەک دەپایزێ و کۆدەکاتەوە، هونەری میللی بەشێکە لەم کەلەپوورە و کۆمەڵێک هونەری دیکە ش، کە هەموویان هەمان مەبەست و چەمکیان هەیە بەڵام لەبوارەکانی خۆیاندا جیاوازیان هەیە. " بۆمان دەردەکەوێت کە هونەری میللی کورد بێوێنە و جیایە لە گەلانی تری جیهان، شێوازی کارلێککردن و وەڵامدانەوەی کۆمەلایەتی بۆ ڕووداو و نەریتە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی ژیانی گەلی کورد تۆمار دەکەن، هونەرمەندی میللی کورد بیری لە لایەنی داهێنەر کاری خۆی بۆ تێرکردنی خواستی کۆمەڵگە و بەدیهاتنی تام و چێژەکانی جێبەجێ دەکرد و گوزارشتی لەو بیر و ئاڵۆزییە دەروونیانە دەکرد کە لە قوڵایی خەڵکدا دانراون، و هەرچەندە لە هونەرە جەماوەریەکاندا باس و تێکەڵبوون هەیە، بەڵام لە نێوان گەلی کورد و گەلانی پەیوەست بە گرێی هاوسێی و دینی لەگەڵ ئەودا، کە لە چنینی پێکهاتەی فکری ئەو هونەرانەدا بەشداریان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان بە پێچەوانەوە توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر هونەرە میللیەکانی کورد جگە لە خوێندن و لێکۆڵینەوەیان " ( روخوش غفور سعيد. گۆزەو سیرامیکی میللی لە کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨).

کەواتە تێبینی ئەوە دەکەیت کە کارە دەستیە بەناوبانگەکان بنەمای پەیداکردنی هونەری میللین، وە ئەم هونەرە بە ژیانەوە بەستراوەتەوە. ڕۆژانە و ڕەگەکانی درێژ

دەبێتەوە بۆ سەردەمانی کۆن، " هەرچەندە پیاوی کۆنی کورد کلتوری هونەری نیشان نەدابوو ، هونەری میللی کورد تەنیا فاکتەرێکی هاوبەشە بۆ دروستبوونی شارستانییەتی کورد کە گەلی کورد بەقۆناغەکانی گەشەکردنیدا کۆ دەکاتەوە بەبێ ئەوەی دروستکەری ڕەسەنی خۆی دیاری بکات .

"کەلەپووری گەلی کورد بەرهەمی هونەری ئەدەبی لەچەند بوارێکدا لەخۆدەگرێت کە هیچ نووسەر و مێژوویەکی بۆ نازانرێت و جۆرەکانی ئەدەبیاتی میللیش بریتین لە: ئەفسانە و چیرۆکە میللییەکان و چیرۆکی پەری و چیرۆکی میللی و شێعری میللی و ژیاننامەی میللی و حوکم هونەرە میللییەکان چین: وێنەکێشان و پەیکەرسازی، تەلارسازی، مۆد، ڕازاوەیی و کەلوپەلی، تاتۆ، مۆسیقای کوردی و ئامێرەکانی، گۆرانی میللی، سەمای میللی، پیشەسازی فەرش و فەڕش، گەمەی میللی و سەبەتەسازی وتەنها ناوچەکانیشی هەروەها بەرهەمێکە کە گروپەکە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕاهێنانی پێ دەکەن، بە نزیکەیی لە جیاوازی خۆیی دەستکردەکان و مەشقکەرەکانی لادەبەن "( توانا یحیی مرجان . ئامـاژە گوزارشتییەکانی هێما لە نیگارەکانی هونەرمەندانی کوردستانی عێراق ٢٠٠٨ ). بۆمان دەردەکەوێت کە هونەری میللی کورد بێوێنە و جیایە لە گەلانی تری جیهان، کەوا هونەرە میللییەکان خۆڕسکن، لەلایەن هەموو خەڵکەوە پراکتیزە دەکرێن ، شێوازی کارلێککردن و وەڵامدانەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕووداو و نەریتە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی ژیانی گەلی کورد تۆمار دەکەن، هونەرمەندی میللی کورد بیری لە لایەنی داهێنەر کاری خۆی بۆ تێرکردنی خواستی کۆمەڵگە و بەدیهاتنی تام و چێژەکانی جێبەجێ دەکرد و گوزارشتی لەو بیر و ئاڵۆزییە دەروونیانە دەکرد کە لە قوڵایی خەڵکدا دانراون. " هونەری میللی وەک خاوەنەکەی هونەرێکە کە لە هەستێکی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە ئەم داهێنانە جەماوەرییە داهێنەرە لە دەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەم، و لە نەوە بۆ نەوە لە لایەن

کوڕەکەوە لە باوکی و منداڵەکەی لە دایکی دەبیسترێت و بە کشتی لە زیان پارێزراوە و هەندێکی بۆ زیاد دەکات و هەندێکیش بەپێی پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە سڕینەوە و تایبەتمەندییەکی پێدەبەخشێت، کەلەپووری بەناوبانگ بریتییە لە کۆکراوەیەکی میراتی نەریت و نەریتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئەدەبی و هونەری و ئەفسانە و پیشەیی، کە لە گەلێک یان نەتەوەیەکی ناوەوە لە کۆنەوە بە میرات ماوەتەوە. ئەمەش بووە میراتی بەناوبانگ و هونەری ". ( هانی ابراهیم جابر . هونەری میللی لە نێوان واقیع و دوارۆژ، ١٩٩٧)

ژیان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی نەریت و نەریتی نوییە کە بە کردارێکی نوێ ئەنجام دەدات. پەیدابوون و نەمانی چەند نەریت و نەریتێک دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییە دەرەکییەکان و بەم شێوەیە لە دەستدانی هەندێک لە تایبەتمەندییە ڕەسەنەکانی بەهۆی ئەم گۆڕانکاری و کاریگەرییە ڕەنگدانەوەیانەی کە ڕێگرن لە جوڵەکەی، یان نیشاندانی نەریت و نەریتی باشتر بە گوێرەی کاتەکان و گەشە جیهان بکاتە گوندێکی بچووک لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای ئەلیکترۆنی و کەناڵە ئاسمانیەکانەوە کە لە بەرامبەردا بەشداری لە لێک نزیکی مەوداکان و تێکەڵکردنی کلتورەکان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵکدا کردووە "هونەری میللی هونەرێکی گشتیە نەک تاک و وەڵامێکە بۆ پێویستیەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی و مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەکات کە بۆ خەڵک ناسراوە و لە باوباپیرانەوە ماوەتەوە کە لە بۆشاییەوە سەرچاوەی نەگرتوە، بەڵکو بەرهەمی کارلێککردنە لە نێوان تاک و گروپ سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی زیادکردن و سڕینەوە هونەرە بەناوبانگەکان بەدرێژایی سەردەمەکان بە فرەیی فۆرم و جۆرەکانی درەوشاوە و بێتاوانیی خۆڕسکیان دیاری کراوە. چونکە دوور لە ڕەنجی مرۆڤ و دوور لە تەوژم و تەوژمی سیاسی و هەوەس و زەرورات و زەرورات حاکمان ماونەتەوە، ئەمەش ئەوانیان بە شێوەیەکی

سەرەتایی شەفاف ناتوانین ئامازە بە هەموو هونەرە کۆنەکان و هونەرە بەناوبانگەکان بکەین، جگە لە نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی" ( گۆڤاری فۆلکلۆری . ١٩٧٥). گەلانی هاوچەرخ بە هیچ شێوەیەک جێگەی هونەرە بەناوبانگەکان ناگۆڕنەوە، بەڵکو هاوتەریبە لەگەڵیاندا و پێوەی لکێندراون. دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە بیرۆکەی هونەری میللی وەک دەربڕینی چێژی جوانکاری لە کۆمەڵگادا ناتوانرێت لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان جیابکرێتەوە، چونکە تەنیا لە ڕێگەی دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانییەوە دەتوانین بیدۆزینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئەو دەرکەوتانەیە کە لە ڕێگەی هونەرە میللیە کانە وە یە.

- هونەری میللی بەناوبانگ لەکوردستانی عێراق:

هونەری میلیی کورد لە کۆنەوە ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کوردە و لە نێو ڕۆڵە نەخوێندەوارەکانیدا دەرکەوت، بۆ دەربڕینی هیواکانیان و خەیاڵەکانی خۆیان کە بە درێژایی کات تێیدا دروست بوون . و بۆ ماوەی زەمەنی هەڵگری توخمەکانی وشە تەقلیدییەکانی ئەم ڕۆژە بۆ فێربوونی ژیانی باوبا کەلەپووری میللی کورد، لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە هونەر و مێژوو و داب و نەریت و نەریتە میللیەکان گوزارشتی ڕاستەقینەی قەوارەی خەڵک بووە. ئەم هونەرە لەنێو چینی کرێکار و لەنێو جەماوەرە گشتییەکاندا دەرکەوت کە بریتین لە جوتیارەکان کە لەژێر فشارێکی دیاریکراودا کار دەکەن، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانیان و دەرخستنی هەستی جوانکاریی کە لە هەستی هونەری میللی کورد سەریهەڵداوە.

جگە لەو کایانە ی کە ویستی هونەرمەندانی میللی کوردین، ئیلهامبەخشینە لەژینگەی سروشتی تایبەت بەکوردستان، چونکە ئاماژەیەکی گرنگ و کاریگەرە لەهونەردا بەگشتی،

چـونکە بەپێـی پێویسـتییەکانی کـاریگەری و کـاریگەری لەسـەر دەکـات، ژیـنگە گـرنگە لەدۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە بەم شێوەیە بۆمـان دەردەکەوێت کە هـونەری گەلـی کورد لە گەلانی دیکەی جیهان بێوێنە و جیایە، لە چوارچێوەی ژیانی گەلی کورددا شێوازەکانی کـارلێککردن و وەڵامـدانەوەی کـۆمەڵایەتی بـۆ ڕووداو و نەریـتە جۆراوجۆرەکـان تۆمـار دەکەن، هونەرمەندی میللی کورد بیر لە لایەنی داهێنەری و جوانی خۆی نەکردەوە بەڵکو لەژێر هەلومەرجێکی تایبەتدا کاری دەکرد کە کاری پاکی هـونەری بۆی ئەسـتەم کرد و بە ئازادی دەربیڕی، کارەکەی بۆ ڕازیکردنی خواست و خواستەکانی کۆمەڵگا و دیدار لەگەڵ تـام و ژەنیارەکـانی جێبەجـێ دەکـرد، هەرچەنـدە وتەیەک و تـێکەڵەیەک هەیە لە هـونەرە جەماوەریەکاندا، بەڵام لە نێوان گەلی کورد و گەلانی پەیوەندیدار بە پەیوەندی دراوسێیەتی یان ئایین لەگەڵیاندا، کە بەشدارییان لە چنینی پێکهاتەی ڕۆشنبیری ئەو هـونەرانە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بە نۆرە توانیان تا ڕادەیەکی زۆر بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کە کارە دەستییە بەناوبانگەکـان بنەمـای پەیـدابوونی هـونەری جەمـاوەرین و ئەم هـونەرە بە ژیانی ڕۆژانەوە بەستراوەتەوە و ڕەگ و ڕیشەی بۆ سـەردەمانی کۆن درێژ دەبێتەوە هەرچەنـدە پیـاوی دێرینـی کـورد کلتـوری هـونەری بەدەسـت نەهێنـا ئەکادیمیـاکە بە پێـی یاسـاکانی پەروەردە، بەڵام تێیدا دروسـتکراوە، چونکە هەمـوو بوارەکـانی چـالاکییە مـرۆییە گرنـگ و سودبەخشـەکانی تێدایە، و سـیمایش لە بۆشـاییەوە سـەرچاوەی نەگـرت بەڵکو لە وەڵامـی پێداویستییە ڕۆژانە و زیندووەکانی و هەروەها جوانیزانیدا بوو، توێژەری کورد دەبێت بە قـووڵی تـوێژینەوە و لێکـۆڵینەوە بکـات بـۆ ئەوەی لە هەمـوو سـیما و دەربـڕین و گۆڕانکارییەکـانی خـۆی لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانیـدا، دەربـارەی ڕەگە ڕەسـەنەکانی بۆیە هونەری گەلی کورد تەنیا فاکتەرێکی هاوبەشە بۆ دروستبوونی شارستانییەتی کورد کە

گەلی کورد بەقۆناغەکانی گەشەکردنیدا کۆ دەکاتەوە بەبێ ئەوەی دروستکەری ڕەسەنی خۆی دیاری بکات

کەلەپوورە بەناوبانگەکانی کورد بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لەچەند بوارێکدا لەخۆدەگرێت کە بۆ نووسەر یان مێژوو نازانرێت و جۆرە ئەدەبییە بەناوبانگەکانیش بریتین لە: ئەفسانە و چیرۆکی میللی و چیرۆکی پەری و چیرۆکی میللی و شێعری

هونەرە میللییەکان چین: وێنەکێشان و پەیکەرسازی، تەلارسازی، مۆدیل ، ڕازاوەیی و ئێکسسوارات، تاتۆ، مۆسیقای کوردی و ئامێرەکانی، گۆرانی میللی، سەمای میللی، پیشەسازی فەرش و فەرش، یاری ناوبانگ و سەبەتەسازی.

- وێنەکێشان بەشێکی نێو هونەرە میللییەکانی کوردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

هونەری میللی ئاوێنەی ئەو خەڵکەیە کە گوزارشت لە دۆخی تاک و چینە جیاوازەکانی دەکات، و تێکەڵەیەک لە هونەرە سودخوازەکانە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێویستمانە، و لە هەموو ئەو بەها جوانکارییانەی کە کاری هونەری داهێنەرانە بەرجەستە دەکەن. هونەری فۆلکلۆری هونەرێکی جوانکارییە کە تاکایەتی ناناسێت، چونکە هونەری جەماوەرییە و هونەرمەندی میللیش تەنیا لەگەڵ ئەو بابەتانەدا مامەڵە دەکات کە زانینی میراتی هەیە و وەڵامی پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەداتەوە کە بەبێ ناسینەوەی یاساکانی ڕوانگە.

وێنەکێشان زیاتر لە واقیعێکی هزرییە وەک لە واقیعێکی بینراو و هەروەها پێناسەیەک بۆ شتەکان وەک جێگرەوەی قسەکردن و لە یەک وێنەدا کۆمەڵێک دیمەنی دەردەخات وەک ئەوەی چیرۆکێک بڵێتەوە، هەروەها وەک ئەوەی شتە بینراوەکان و نەبینراوەکان بکێشن.

هونەرمەندی بەناوبانگیش پشت بە دوو توخم دەبەستێت لە دیکۆرکردنی بەرهەمەکانیدا: یەکەمیان یەکەی ئەندازیاری سادەیە، بەکارهێنانیان زۆرجار لەو بەرهەمانەدا دیارە کە دروستکردن و خاوییان لەلایەن ئەم یەکانەوە دەسەپێنرێت، واتە مۆتیفی ئەندازەیی زیاتر دەرئەنجامی هەمان شێوازی پیشەسازین و توخمی دووەم: ڕازاندنەوەی ئۆرگانیکی سادە کە پشت بە چەند هێڵێکی چەماوە دەبەستن و هەروەها وەک لقێکی هونەری شیوەکاری دادەنریت.





## تەوەرەی سێیەم:

## یارییە میللیە کوردیەکان و جۆرەکانی:

کورد لە یارییە میللیەکاندا وێرای ئەو هەموو نەهامەتی و بەشمەینەتیەی بەسەر خێزانی کورددا هاتووە، کەچی دەستبەرداری پراکتیزەکردنی نەبووە، لە هەر ناوچەیەک و شوێن جوگرافیای کوردنیشینەکان چەندین جۆر لەم یارییە میللیانە بە خواستی خەڵکە ساددەکەوە بە گوێرەی جیاوازی تەمەنەکان بەردەوامی هەبووە. "کایە بەناوبانگەکان یەکێکە لە نزیکترین هونەرە فۆلکلۆریەکان بۆ ژینگە، نەریت و نەریتەکان. یاری منداڵان بە ژیانی منداڵانەوە گەشە دەکات ، چونکە ئەوان بەدوای دروستکردنی یاریدا دەگەڕێن لە بوونەوەرە بچووکەکانیان لە دەوروبەرە سنووردارەکانیان و هەندێک جاریش لەو ئۆبجێکتانەی کە لەم زەریایەدا نین منداڵەکە لە قۆناغی پەیژەکەوە ئامرازێک بۆ یاری (خلیسکێنە) دروست دەکات، لە دارەکانی باخچە و گۆشەکانیەوە مانای یاریەکە (تەختەکە) و لە میوەی دارەکانەوە وەک گوێز ئامرازێک بۆ گەمەی پرۆپەکان و ئەوانی تر کاتێک منداڵەکە گەورە دەبێت و دەچێتە ناو ڕۆڵی گەنجێتییەوە لە بوون و ئامرازەکانی خۆی وەردەگرێت ئامرازی تایبەتی یاری و ڕابواردن بۆ نمونە لە سەرییەوە ئامرازێک بۆ یاری (المحبیس) وەردەگرێت و لە لقەکانی دارەکانەوە ئامرازێک بۆ یاری دار، جامە و دامە و ئامرازێک بۆ یاری (ساب سابانی)، (پینگوکانی) بەڵام جیاوازی لەنێوان گەمە میللیەکان و

فۆلکلـۆر و لەنێـوان کـایە ئاسـاییەکان هەیە کە لەلایەن گەنـج و پیـرەوە پراکتیـزە دەکـرێن" (گۆڤاری فۆلکلۆری میللی، ١٩٧٠).

بەدەر لـەو لایەنـە کردەییـەی کـە خـەڵکی میللی کـورد پراکتیزەی یارییـەکانی کـردووە ، لـە دیـوی پشـت ئـەمانـەوە و پـراوەی جۆراو جـۆری لـە هێـزی بـەدەنی فیکریـان کـردوە بـۆ بەدەسـتهێنانی خۆشـی دەروونـی و گەشـانەوەی ناخیـان بەسـەر ئـەو قورسـیەی ژیـان کەبەسەریان هاتووە هـەروەک میللەتـەکانی دیکە، خویان داوەتـە گـەلێک جـۆری یارییـەکان لەمانـەش وەکو زۆرانبـازی و هەندێ  جۆری وەرش  بۆ زاخـاوکردنی مێشـک و جەسـتە، هـەورەها ئـەو یارییانـەی کـە وەک پاڵپشـتێک بـۆ بـەهێزکردنی توانـای هونـەری جـەنگ بەکاردەهێنرێت ، جگـە لەمانـەش بـۆ خـۆڕاگری و ئـارام بەخشـین و هێزپێدان لـە ڕووداوە نـەخوازراوەکان کـورد پـەنای بـۆ  هونـەری سـوارچاکی بـردووە لـە لایـەن شـازادە وپادشایەکانیان بایەخیان پێداوە .

" گەمەی تاس و شەترەنج یەکێکە لەو یارییانەی کە نامۆیە بە کەلەپوری کوردییەوە کە لە فارس و و هەندێک یاری وەک یاری نەتەوەکانی تر دەچێت، یان ڕەنگە بە پێی هەلومەرجی سروشتی یان خووێکی کۆمەڵایەتی جیاوازیان لەگەڵ بکات لەوانە: یاری پەتی بە تایبەتی لە خاکی لۆردا سـەری پیاوەکە پێچەوانە دەبێتەوە بۆ سـەر زەوی و قاچی بە گوریسـەکەوە بەستراوەتەوە و پاشان لەسەر بەرزایی خۆی جێگیر دەبێت و لەسـەری دەڕوات ، پەتەکە بە ناونیشـانەکان" ( فـائزه محمـد عـزت . ژیـانی کۆمەڵایـەتی کـورد لـە نێوان دوو سـەددە ، ٢٠٠٩). وەک ئاماژە کردنێک بـە ڕاو بۆچـوونی هەنـدێک لـە کۆچبـەران و ڕۆژهـەڵاتناسـەکان کـە ڕوویـان کردۆتـە خـاکی کوردسـتان لەوانـە " بەڕێـز ڕیـگ لەبـارەی ئەو یارییـانەی لە کوردستان بینیویەتی پێمان دەڵێت، چ یـاری وەرزشـی و چ گەمەی خۆشـی، کوردیش وەک

وەرزشناس وەسف دەکات کە حەزیان لە پێشبڕکێیە ئەسپ و پاریج و ڕام و سەگ " ( بەدرخان سندی . کۆمەڵگەی کوردی لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکان ، ٢٠٠٧ ). جگە لەمانە لەسەر زاری کەسانی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون دەگێردرێتەوە میللەتی کورد زۆر متوی بەخیوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر بووە هەم وەک سەرچاوەیەکی ماڵداری و بژێوی ژیان ، هەم بۆ چێژوەرگرتن بۆ یاریپێکردن و پێشبڕکێ، یەک لەوانەش کەلەشێربووە کە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم یارییە میللیە بەردەوامە و پێشبرکێی لە سەر دەکرێت . " پێشبڕکێی گۆرانی گۆمەکان (کاۆ) و گەمەی (مەرەشق) زۆرانبازی و کەوانەوانی و گەمەی شمشێرەکان و گەمەی (کشوەی) کە زۆرێکیان ناژمێرن و نافەرمانی دەکەن و لەو یاریانەی کە لە لایەن گەنج و پیرەوە مەشقیان پێ دەکرێت ناکرێت وەربگێڕدرێت لەبەر ئەوەی هاوشێوەی نیە. وەکو ( سینیانێ ، شێروخەتانێ ، گۆریانێ ، کڵاوانێ ، گورزا کۆرا، ساپانێ ، پلیکانێ ، پێنجوکانێ ، چاوشریکانێ ، ماتانێ ، تشتێ من تشتانە، ئەلوربەلور، کێلانێ، هەتەق تەقە، خەتا گیرێ، تقانێ،کابانێ، ماتانێ، مەنجەل بابۆقیوقیو، پشتا رەقێ، گورگ و مەڕانێ، هەیجەن هەیجانێ، تەڕێ بن بەڕێ، میر و وەزیرانێ، مەلیک و جەلادانێ، دامانێ، سێرێزکانێ، خەنانێ، برانێ، نان نانانێ، گوزانێ، مۆریانێ، هەریوی ریوی، دەسمالانێ، چتانێ، بارە مێوژانێ، تەری وریویانێ، تەپانێ، یادۆستانێ، فڕی فڕیانێ، قاشوانێ، بووکانێ، هتد .. ). کە ئەم یاریە میللیانە تاکو ئێستاش لە هەموو شوێنەکانی کوردستان دەکرێت ، بەڵام تەنها ناوەکانیان دەگۆردرێت بە گوێرەی لەهجەی جۆراوجۆری کوردی " (توانا یحیی مرجان . ئاماژە گوزارشتییەکانی هێما لە نیگارەکانی هونەرمەندانی کوردستانی عێراق ٢٠٠٨) ". وەک دەرکەوتووە چەندین جۆر لە یارییە میللیەکان لە نێو میللەتی کورد هەیە و بەردوامە تەنها دوو لەم یارییە دەخەمە بەر باس وەکو : ( ساپ ساپانێ و کڵاو کڵاوێنە).

**- یاری ساپ ساپینە ***

ئەم یـاریە بـۆ کچـانە ئەگەر چـی زۆر جـار کورانیشـحەزیان لەو یـاریە ئەکـردوو ئەیـان کرد.هەندێ مندال بە تەباشیر یاخوود هەر شتیک کە هیلێ پێ بکیشرێ چەند خانرەیەک دەکیشن بۆ یەکەم نۆرە فیکلا کۆی بۆ دەکەن جا یەکەم کەس کە دەر چوو بەردیکی پیە نزیـک یەکەم خـانە دەوەسـتێ و بەردەکە هەل ئەداتە ناوخـانەکەوەو ئەوجە قـاچیکی هەل ئەگریتوو لە یەکەم خانەوە بەردەکە هەل ئەداتە دووەم خانە تا خانەی چوارەم و ئەو کاتە بە هەمـان شـیوە دە گەرینەوەو بۆ یەکەم خانەوهەلـدەداتە دەرەوە دوای ئەوەوی بەردەکە هەلـدەگرێ بە دەسـتی فرێ ئەداتە دووەم خـانە دەسـت پێ دەکات بە مەرجێ نـابێ کـاتی هاویشـتنی بەردەکە لە یەکەم خـانەوە بـۆ دووەم خـانە بکەویـتە سـەر ئەو خەتەی کەوا کیشـاووتە ئەگەر وا بـوو ئەوا تـوو دۆراوی لەو یـاریە نـۆرەی کەسـیکی تـر دیـوو ئەبیـت چاوەری نۆرەی خۆت بکەیتەوە هەر وەها لەم یاریەدا پشوو نیە یعنی تا بەردەکە دینیتەوە دەرەوە نابێ قاچ دانێ وە نابیت لەسەر خەتیش بوەستێت.





**- کڵاو کڵاوێنە ***

وشـەکە لـەوەوە هـاتووە کـە کـڵاوی پیاوانیـان بـەکارهێناوە.ئامادەبووان دەبـوون بـە دوو بەشەوە، دوو( کۆمەڵ،گروپ )

حـەوت کڵاویـان دادەنـا لـە نێـوان هـەردوو کۆمەڵەکـە ( دەبوایـە ژمـارەی کڵاوەکـان تـاک بووایە).ئەنگوسـتیلەیەک ئامـادە ئـەکرا بـۆ شـاردنەوەی لـە نێـو حـەوت کڵاوەکـە،پاش ڕێککەوتنیان لەسـەر کـام کۆمەڵـە دەسـت بـە شـاردنەوەی ئەنگوسـتیلەکە بکـەن ،یارییـەکـە دەسـتی پێدەکرد.یـەکێک لـەو کۆمەڵەیـەی کـە شـاردنەوەکە ئـەنجام ئـەدەن، ئەنگوسـتیلەکە دەگرێت بە دەستەوە ،هەرجارەو دەستی دەخاتە ژێر کڵاوێکیان و تـا هـەر حـەوت کڵاوەکـە تەواو دەکات ،کۆمەڵەی بەرانبەریش تەماشای هەر حەوت جاری شاردنەوەکە دەکەن، پاش شاردنەوەکە کۆمەڵەی بەرانبەر دەست دەکەن بە گفتوگۆ، کە ئایا ئەنگوستیلەکە لە ژێر کـام کـڵاو دایـە. لەوێدا کەسـانی زیـرەک و شـارەزا دەردەکـەوتن لـە دەسنیشـانکردنی شـوێنی ئەنگوستیلەکە، بە ( مەزەندەچی بـاش )ناوبانگیـان دەردەکـرد، یـەکێک لـە کۆمەڵەکـە دەسـتی دەکرد بە هەڵدانەوەی کڵاوەکان بە دەربڕینی وشەی ( فت ) و (گوڵ یان دەستەگوڵ )،

وشەی ( فت ) بۆ ئەو کڵاوانەیە کە ئەنگوستیلەکە لە ژێریدا نییە ، ( گـوڵ یـان دەسـتەگوڵ ) بـۆ ئـەو کڵاوەیـە کـە ئەنگوسـتیلەکە لـە ژێریدایـە.براوەی یارییەکـە زۆرتـرین جـار شـوێنی ئەنگوستیلەکەی زانیوە و ئاشکرای کردووە.بەم شێوەیە یاری تا درەنگانێگی شەو بەردەوام دەبوو.

بێگومـان ئـەم یارییـە ( کڵاوێـن )، بـە شـێوەیەکی بـەرچاو لـە گونـدەکان بـاوی بـوو، تـا وای لێهات، وەکو پێشبڕکێیەک لە نێوان گوندەکان ئەنجام ئەدرا.

**کاریگەری یارییە کوردەوارییەکان:**

ئەم یارییانەی کە ئەنجام ئەدرا ، کاریگـەری ئـەرێنی هـەبوو لەسـەر پەیوەندیی کۆمەڵایـەتی نێـوان دانیشـتوانی گونـد ، پەیوەندییـەکانی تونـد وتـۆڵتر دەکـرد، خۆشەویسـتی لـە نێـوان تاکـەکانی گونـد بـە تایبـەت گـەنجان زیـاتر دەکـرد و گیـانی هاوکـاری وهـەرەوەزی و بـە

تەنگەوەهاتنی یەکتری پێ دەبەخشین کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئارامی دەروونی وخۆشگوزەرانی لێدەکەوتەوە.

لەشاردا ئەم یارییە زۆر بە کەمی دەکرا ، مەگەر تەنیا لە نێو ئەو خێزانانەی کە لە گوندەوە چووبوونە شارەوە و بە یادی جارانیانەوە ئەم کڵاوێنەیان ئەنجام بدایە.هەر بیرۆکەی ئەم یارییە فۆلکلۆرییە کوردییە ڕەسەنە وایکرد لە شاردا بە شێوەیەکی دیکە بکرێ و گەنجان کۆبکاتەوە،بەناوی ( سینی و زەرف ) بە تایبەت لە مانگی ڕەمەزان.





* دەستکەوتنی زانیاری ئەم جۆرە یاریە دەگەڕێتەوە بۆ یادگەی سەردەمی منداڵیم .

* زانیاری لەم یاریە وەرگرتووە لە ڕێگەی بەڕێز مامۆستا سەدرەدین محێدین کەڵوڕیی/ دانیشتووی گوندی کەڵوڕ ..کەرکوک